# خوێندنەوەیەک بۆ ڕەوشی ئافرەتان لەناوەندەکانی بڕیارسازیدا



**لە دواییـن توێژینـەوەی رێکخـراوی خەڵـك لە بارەی رەوشـی ئافرەتانی هەرێمی کوردستان، جەخت لەسـەر ئەوە کراوەتەوە کە پێگـەی ئافرەتـان لـە ناوەندەکانی بڕیارسازیدا مایـەی تێڕوانین و هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە، یەکێـك لـە هۆکارەکانیشـی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لە خولی پێشووی پەرلەمان و کابینەکانی دیکەی حکومەتـدا رێـژەی بەشـداریکردنی ئافرەتان زۆر لە ئێسـتا زیاتر بـووە، بەشـێك لـە ئافرەتانیـش جگە لـەوەی پیاوان بـە لەمپەری بـەردەم پێشـکەوتنەکانی خۆیـان دەزانن، هـاوکات بێمتمانەیی بە تواناکانـی خـودی ئافـرەت و بێبەرنامەبوونـی حزبەکانیـش لـەو بوارەدا بە کەندوکۆسپی گەورە لە قەڵەم دەدەن. بۆیە بەپێویستی دەزانـن خـودی ژنـان بـە جورئەتـەوە دوور لـە موجامەلەکردنـی کۆمەڵگەو پیاوانی سیاسەتوان و سیاسەتکار، هەنگاوی کرداری بنێن بۆ ئازادکردنی خۆیان و بە لۆژیکی عەقڵانی بە بەرنامەو دروسـتکردنی فشـار و سـەلماندنی تواناکانیان پێگەی خۆیان لە فـەزای گشـتیدا بەرفراوانتـر بکـەن و ئەو مافـە زەوتکراوانە بۆ خۆیان بگێڕنەوە. بەشـداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان ئەو پرسـە زیاتر تاوتوێ دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەپێی بەیاننامەی تایبەت بە مافە سیاسییەکانی ژنان، لە ماددەی ٢٥ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنییە سیاسییەکان هاتووە «هەموو هاووڵاتییەك مافی ئەوەی هەیە لە بەڕێوەبردنی ژیانی گشتی وڵاتەکەیدا بەشداری بکات.» هەروەها رێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٧٩ لە ماددەی حەوتیدا باس لە مافی ژن دەکات بۆ دەنگدان لە هەموو جۆرە هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان، تەنانەت باس لە لێهاتوویی و کارامەیی ئافرەت دەکات بۆ خۆپاڵاوتن و لە پاڵ ئەوەشدا بۆی هەیە بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حکومەت بکات، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە و پڕکردنەوەی پۆستە گشتییەکان، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای بوونی سیستەمی کۆتا لە پەرلەمان کە ٣٠٪ی بۆ ئافرەتانە، رێژەی پیاوان دوو ئەوەندە و نیوی ئافرەتانە، دیارە رێژەکەیان بەپێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ لەسەر ئاستی جیهان لەناو ١٨٨ وڵاتدا لە پلەی ٣٩ دایە و لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەرێمی کوردستان دوای جەزائیر لە پلەی دووەمدایە، ئەوەش تا رادەیەك پێشەڤەچوونی پێوە دیارە، بەڵام لە ئاستی خواست و هیوا و داواکاریی یەکسانیخوازان و چالاکانی بواری مافی ئافرەتدا نییە.

هەر لەوە بارەیەوە سەرەتا د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەلومەرجی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، پێکهێنانی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیاواز بووە لەگەڵ کابینەکانی پێشووتری حکومەت، ئەمەش لەبەر ئەوەی یەکەم کابینە بوو، کە هەموو لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن، گوتیشی: «هەندێك لایەن یەکەم ئەزموونی بەشداریکردنیان بوو لە حکومەتدا، بۆیە دەتوانین بڵێین هەلومەرجی سیاسی و میکانیزمی رێککەوتنی نێوان لایەنەکان تا رادەیەك لەسەر دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکان و نزمیی ئاستی بەشداریی ئافرەت کاریگەری هەبووە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە چەندین هۆکاری دیکە کاریگەریان هەیە لەسەر لاوازیی بەشداریی ئافرەت لە دەسەڵاتی سیاسیدا، دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە خودی پارتە سیاسییەکانی کوردستان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستانین و کۆمەڵگەی کوردستانیش سەرەڕای هەندێك پێشکەوتن، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار کۆمەڵگەیەکە هزری پیاوسالاری تێیدا باڵادەستە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوێستی لایەنەکان و جیهانبینییان، ئەگەرچی هەندێك کەس وای دەبینن، کە دوورەپەرێزی ئافرەت لە فەزای سیاسەت بەراورد بە پیاو و تا رادەیەك خۆبواردن لەو مافە و سپاردنی بە پیاو هۆکارێکە بۆ نزمیی رێژەی ئافرەت لە دەسەڵاتدا، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك ئەم ئاستە نزمییەی رێژەی ئافرەت ناگەڕێنمەوە بۆ خودی

**بەشێک لە خانمان وجوود و ئامادەیی و هێزی خۆیان سەلماندووە، هەربۆیە لە زۆرێک لە کایە گشتییەکاندا هەست بە بوونی رەگەزی مێ دەکرێت**

**هەوڵگەلێک بۆ زەمینەسازی و رێگاخۆشکردن بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرتان و گەنجان هەیە بۆناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی رابردوودا کرانەوەو دەست و پەنجە نەرمکردنێک لە قبووڵکردنی رەگەزی مێ لە کۆی کایەکاندا هەست پێدەکەین**



**ناهەوسەنگیی رەگەزی دەرهاویشتە و دەرئەنجامی خراپی لەئیدارەدانی کاری سیاسی و ئیداری و بازرگانی و کایە فەرهەنگییەکاندا هەبووە و هەیە**

**بەشدارپێکردنی رەگەزی مێ لە کایە گشتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانییەکاندا نییە و بە ئاشکرا هەست بە ناهاوسەنگی لە بوونی رەگەزی مێ لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی گشتیدا دەکەین**

**بۆ ئەوەی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا کارا بن، پێویستە خۆیان بە جورئەتەوە دوور لە موجامەلەکردنی کۆمەڵگە و پیاوە سیاسییەکان هەنگاوی کرداری بنێن بۆ ئازادکردنی خۆیان و بە لۆژیکی عەقڵانی بە بەرنامە و دروستکردنی فشار و سەلماندنی خۆیان لە فەزای گشتیدا ئەو مافە زەوتکراوەیان بگێڕنەوە**

ئافرەت.»

د. ڤیان هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان وەك رێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت ستراتیژی کارکردنیان داکۆکیکردنە لە مافی ئافرەت بەگشتی و لەو پێناوەشدا کاریان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەت کردووە، گوتیشی: «لە بنەڕەتدا ئامانج لە دامەزراندنی رێکخراوەکەمان و زۆرینەی رێکخراوەکانی دیکەی هاوشێوەمان نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزی و فەراهەمکردنی هەلی لەبار بووە بۆ هاوبەشیی ئافرەت لە هەموو کایەکان و دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەبار بۆ رەخساندنی کەش و دەرفەتی یەکسان لە بەردەم هەموو تاکەکان، بەبێ هیچ جیاوازییەك لەو چوارچێوەیەشدا چەندین ئافرەت کە کاریان لە رێکخراوەکەمان کردووە، لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەرکەوتوون و پێگەی بەرزیشیان هەبووە، ئافرەت سەربەخۆ و خاوەن توناناو لێهاتوویی و دنیابینی خۆیەتی و پێویستە بواری بۆ بڕەخسێت تا تواناکانی خۆی لە بواری سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیایدا بەکار بهێنێت .»

ناسك تۆفیق کارگێڕی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامی لیژنەی ژنان و بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازی و وزە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کەمیی رێژەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیار لە کوردستان، یەکێکە لە پرسە بەردەوامەکان کە رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان بەردەوام خەباتیان لەپێناو دیاریکردن وزیادکردنی رێژەی ژنان کردووە لە ناوەندەکانی بڕیار لە هەر سێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری. بە تەواوەتیش بەرهەمی خەباتی رێکخراوەکانی ژنان لە دەستووری عیراقدا دەرکەوت، ئەویش بەدیاریکردنی رێژەی ٢٥./ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ژنان. بۆیە ئیتر لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان و بەپێی دەستووری عێراقی پەسەندکراو ./٢٥ی کورسییەکان درا بە ژنان و لەکۆی ١١١ کورسی ٢٩ی بۆ ژنان بوو، دواتر و لەکاتی نووسینەوەی رەشنووسی کوردستان و بە هەوڵ و ماندووبوون و خەباتی رێکخراوەکانی ژنان، ٣٠./ بۆ ژنانی ناو پەرلەمان دیاریکرا، لەسەر ئەو ئەساسەش یاسای هەڵبژاردن هەموار کراو رێژەی ٣٠./ی بۆ ژنان لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاری کرا. بۆیە لە دوای خولی دووەمەوە، واتە لە خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ٣٠./ی کورسییەکانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان بۆ ژنان یەکلابووەتەوە و ناتوانرێت بەپێی میزاجی کەس و لایەنەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم رێژەیە بەیاسا بۆ دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری دیاری نەکراوە، هەر بۆیە هەمیشەو لەهەموو خولەکانی حکومەتی هەرێم، یان ژنی تێدا نەبووە، یان یەك، یان دوو ژن هەبووە. بۆیە دەرکەوت کە ماف و پێگەی ژنان و بوونیان لە ناوەندی بڕیاردا دەبێ بە یاسا زامن بکرێت و نەخرێتە بەردەم مەرحەمەتی کەس و لایەنەکانی کوردستان، ئەوەش تەنیا تایبەت بە کوردستان نییە، بەڵکو لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا وایە و بە یاسا لەهەندێك وڵات زامنی رێژەی ژنان کراوە.» گوتیشی: « رێژەی کەمبوونی ژن لە ناوەندی بڕیاری سیاسیدا پێوەندی بە لاوازیی و بێتوانایی ژنانەوە نییە، نموونەشی ئەوەیە کە لەناو هەموو حزبەکان و لەدەرەوەی حزبەکانیش ئەوەندە ژنانی پسپۆڕ وخاوەن بڕوانامە و چالاك و بەتوانان هەن کە دەتوانن بچنە ناوەندی بڕیار، بەڵام کەلتووری کەڵەکەبووی پیاوسالاری و باوکسالاری رێگەنادات بە ژنان رۆڵی خۆیان ببینن، ئەگەر بەیاسا زامن نەکرێت.»

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، رایوایە «کەمیی بەشداریی ئافرەت، یاخود لاوازیی ژنان لە پرۆسەی سیاسیی باشووری کوردستاندا دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هۆکاری بابەتییە کە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر وێناکردنی ئافرەت وەك رەگەزێکی کۆمەڵایەتی و خستنە ناو بازنەیەکی سنوورکێشراو کە مەوداکانی زۆر سنووردار کراوەو ناتوانێت لە فەزایەکی دوور لە فەزا کۆمەڵایەتییەکەی بژیت، یان هەڵبسووڕێت.» گوتیشی: «وابەستەیی عەقڵییەتیکی رەگەزی و چەقبەستووی وابەستە بە کۆمەڵێك عورف و عاداتی پەیڕەوکراو، نەك ژن، بەڵکو بەداخەوە تا ئێستاش تەواوی مرۆڤەکانی بە ژن و پیاوەوە کۆیلەی ئەو باوەڕە سەپێندراوە کردووە، بۆیە کاتێك باس لە بەشداری ژنان دەکەین لە پرۆسەی سیاسیدا، کەواتە دەبێت باس لەو بنەماو چەمکانە بکەین کە ژنێکی سیاسی بۆی دەستەبەرکراوە. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ جۆرە پێناسەیەکمان هەیە بۆ چەمکی ئازادی و سەربەستی و یەکسانی؟ بە بڕوای من لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان ئەو چەمکانە شێوێندراون و لە قاڵبدراون و چوارچێوەیەکی سنووردارکراو بۆ هەریەکێك لەم بەهایانە کراوە، بۆیە کاتێك ژن لە کۆمەڵگەیەکی وا سوننەتیدا ژیان دەکات، کارەکانی و هەوڵەکانی و بەشدارییەکانیشی سنووردار دەکرێت و لە زۆر کاتدا سیفەتێکی شکلی وەردەگرێت، هاوکات خودی سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە خۆیان داماڵن لەو کۆت و بەندە سەپێندراوەی کە چوارچێوەی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان داناوە، بۆیە لەو نێوەندەدا ژنان پەراوێز دەخرێن و دەیان پاساو و لەمپەریان بۆ دەهێنرێتە کایەوە. کەواتە بۆ ئەوەی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا کارا بن، پێویستە خودی ژنان بە جورئەتەوە دوور لە موجامەلەکردنی کۆمەڵگە و پیاوە سیاسییەکان هەنگاوی کرداری بنێن بۆ ئازادکردنی خۆیان و بە

لۆژیکی عەقڵانی بە بەرنامە و دروستکردنی فشار و سەلماندنی خۆیان لە فەزای گشتیدا ئەو مافە زەوتکراوەیان بگێڕنەوە و هاوکات ڕکابەرێکی شارەزاو بەتوانا و خاوەنی ئیرادەو متمانە بە خۆیان بن.»

ڕۆژنامەنووس سەربەست مەنمی، پرسی بەشدارییپێکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕاپەڕاندنی کاروبارە گشتییەکاندا، بە بابەتێکی جددی و فرەڕەهەند دەزانێت و دەڵێت: «ئەو پرسە ساڵانێکە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بۆتە تەوەری گفتوگۆ و قسەلەسەرکردن، بەتایبەتی پرسی بەشداریی کارا و چالاکانەی ئافرەتان و گەنجان لە پرۆسەی سیاسی و ئیدارەدانی پۆستە حکوومی و حزبی و ڕێکخراوەییەکان، هەڵبەت کاتێك سەرەنج و ڕووناکی دەخەینە سەر ئەم کایەیە، دەبینین کێشەیەك هەیە، ناتەواوی و کەموکوڕییەك هەیە و پێویستی بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی و خستنەڕووی چارەسەر هەیە، بە باوەڕی من کۆمەڵگەی کوردی هەنوکە لە بەردەم ئەزموونکردنی سەردەمێکی تازەدایە، سەردەمێك کە دەرگیرە لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگەو گرنگیدانی زیاتر بە پرسی ئازادی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی تەندروستتر، واتە هەنگاوهەڵگرتن بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، لێرەوە دەمەوێت بڵێم بەشدارییپێکردنی ڕەگەزی مێ لە کایە گشتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانییەکاندا نییە، چونکە بە ئاشکرا هەست بە ناهاوسەنگی لە بوونی ڕەگەزی مێ لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی گشتیدا دەکەین. دەبێت ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ئەم ناهەوسەنگییە دەرهاویشتە و دەرئەنجامی خراپی لەئیدارەدانی کاری سیاسی و ئیداری و بازرگانی و کایە فەرهەنگییەکاندا هەبووە و هەیە. چونکە فەرامۆشکردنی توانای بەشێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەو سوودوەرنەگرتن لە هێز و وجوودیان کاردانەوەی خراپی هەیە لەوەی کۆی کۆمەڵگەکە لە ئاستی پێویستدا چالاك و کارا نەبێت. بەڵام بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان بابەتییانە بێت و دۆخەکە وەك خۆی هەڵبسەنگێنین، بەتایبەت لە ڕوانگە مێژووییەکەیەوە، دەتوانین بڵێین هەوڵگەلێك هەیە بۆ زەمینەسازی و ڕێگاخۆشکردن بۆ هاتنەپێشەوەی ئافرتان و گەنجان، بۆناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، کرانەوە و دەست و پەنجە نەرمکردنێك هەست پێدەکەین لە قبووڵکردنی ڕەگەزی مێ لە کۆی کایەکاندا، بە ڕووبەر و ئاستی جیاواز. گرنگە ڕووناکی بخەینە سەر پرسی ئەوەی ئاخۆ ڕەگەزی مێ بۆ خۆیشی تاچەند لە هەوڵدایە بۆ هاتنەپێشەوە و بەشداریکردنی کارا و چالاکانەتر لە ڕابردوو، بە باوەڕی من هەنوکە بەشێك لە خانمان وجوود و ئامادەیی و هێزی خۆیان سەلماندووە، هەربۆیە لە زۆرێك لە کایە گشتییەکاندا هەست بە بوونی ڕەگەزی مێ دەکرێت .»

بۆ زانیاریی خوێنەرانی ئەم ڕاپۆرتە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ڕێژەی بەشداری ئافرەت ٣٧٪ بوو، ژمارەی ئەندامانیشی ٤١ ئافرەت بوو، کەچی لە خولی چوارەم ڕێژەی بەشداری ئافرەت بۆ ٣١٪ دابەزیوە، ژمارەی ئەندامانیشی بووە بە ٣٤ ئەندام، تەنانەت لە سەرجەم کابینەکانی حکومەت، سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان پیاو بوون، لەساڵی ٢٠٠٥ ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە کابینەی حکومەتی هەرێم ٩٪ بووە و دواتر بووە بە ٢٢٪ کە چوار وەزیر ئافرەت بوون، کەچی لە ٢٠٠٦ بووە بە ٧٪ و ساڵی ٢٠٠٩ بووە بە ٥٪ لە ئێستاشدا ڕێژەکەی ٤٪ـە و لە کۆی ٢٣ وەزیر یەك کەسیان ئافرەتە و ٢٢ وەزیریش پیاون.

**خودی سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیوە خۆیان داماڵن لەو کۆت و بەندە سەپێندراوەی کە چوارچێوەی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان داناوە**

**وابەستەیی عەقڵییەتیکی ڕەگەزی و چەقبەستووی وابەستە بە کۆمەڵێک عورف و عاداتی پەیڕەوکراو، نەک ژن، بەڵکو بەداخەوە تا ئێستاش تەواوی مرۆڤەکانی بە ژن و پیاوەوە کۆیلەی ئەو باوەڕە سەپێندراوە کردووە**



## لە رۆژی (ڤالانتاین)دا

# گەنجانی کوردستان
# خۆشەویستیی خۆیان بۆ پێشمەرگە دەردەبڕن

**دوای شەڕی داسەپاوی داعشییەکان بە سەر کوردستاندا، قارەمانەتی پێشمەرگەو پلانەکانی سەرۆك بارزانی و ئامادەبوونی راستەوخۆیان لە سەنگەرەکانی رامالینی دڕندەکانی داعشدا، ناوبانگێکی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆ کوردو کوردستان دروست کرد. هەر لە دوای حەماسەت و فیداکاری و قوربانیدان و نەبەردەکانی پێشمەرگە لەو شەڕە داسەپاوەدا، بەشێکی زۆر لە گەنجان و خەڵکی کوردستان کرد، داوایان کرد رۆژی ڤالانتاین ببێتە رۆژی خۆشەویستیی پێشمەرگەو ساڵی رابردوو سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لەو رۆژەدا گوڵباران کرد، ئەمساڵیش بەشێکی زۆری هاوسەران و لاوانی عاشق دەخوازن لە رۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا جارێکی دی رێز لە پێشمەرگە بگیرێ، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە لە سایەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستاندایە کە بە ئارامی دەژین و لەو رۆژەدا گوڵە سوورەکانیان پێشکەشی خۆشەویستی خۆیان و پێشمەرگەی خۆشەویستییان دەکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**بەر لەوەی گوڵێکی سوور بە خۆشەویستەکەم پێشکەش بکەم، چەپکە گوڵێک بە پێشمەرگەکانی کوردستان پێشکەش دەکەم، کە لە رۆژانی سەختی نیشتماندا، هەموو ئەو خۆشەویستییەی شکیان دەبرد، بە خاک و نیشتمانیان بەخشی**

رۆژی ٢/١٤ی هەموو ساڵێك کە بە (ڤالانتاین) ناسراوە، وەك رۆژی خۆشەویستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی دەکرێتەوەو لەم رۆژەدا هاوسەران و بەتایبەتی توێژی لاو بەکڕینی دیاری بۆ خوشەویستەکانیان هێمایەك لە عەشق و خۆشەویستیی بێخەوشی خۆیان پێشکەش بە یەکتری دەکەن و پەیمانی وەفاداری هەتاهەتایی بۆ یەکتری نوێ دەکەنەوە، بەڵام لە باشووری کوردستان ئەم رۆژە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەو خۆشەویستییە سنووری دڵی دوو خۆشەویست دەبەزێنێ و ئەو خۆشەویستییە لەگەڵ خاك و ئاڵا و ناوی پێشمەرگەدا تێکەڵ دەکرێ. ئەوەتا عەلی فەرهاد کە قوتابی قۆناخی شەشی دواناوەندییە دەڵێت: «من بە هۆی خوێندنەوە زۆر سەرقاڵم و خۆشەویستم نییە، بەڵام ئەگەر خۆشەویستیشم بووایە، ئەوا بەر لەوەی گوڵێکی سوور بە خۆشەویستەکەم پێشکەش بکەم، چەپکە گوڵێك بە پێشمەرگەکانی کوردستان پێشکەش دەکەم، کە لە رۆژانی سەختی نیشتماندا، هەموو ئەو خۆشەویستییەی شکیان دەبرد، بە خاك و نیشتمانیان بەخشی و بە گیانی خۆیان کەرامەتی نەتەوەیی و خاکی کوردستانیان پاراست و داعشیان لە ژیانی ئێمە دوور خستەوە. ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە ئێستا کوردستان و عێراق لە ژێر دەستی دەوڵەتی داگیرکەری خەلافەتی داعشیدا دەبوو.»

شەیدا جاف خاتوونێکی میدیاکارەو ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «شتێکی قورسە بتوانیت بە چەند وشەیەك ئاستی خۆشەویستیی خۆت بۆ کەسانێك دەرببڕیت، کە ژیانی خۆیان خستووەتە سەردەستیان و مەرگیان خستووەتە پیش ژیانیان بۆ ئەوەی ئێمە بەسەربەرزی بژین. ئێمە ناتوانین قەرزی ئەوانە بدەینەوە کە دەمانپارێزن و ژیانی ئاسوودەمان پێدەبەخشن. پێویستە هەموو گەلی کورد ئەوەی لەبەر چاو بێت، پێشمەرگە لە رابردووەوە هەتا ئێستاش لە چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن و کەسانێکن کەمترین بەرژەوەندیی



ماددییان هەیە، ئەوەی پێشمەرگەکان خۆی بە قوربان دەکەن، ماڵ و سامان نییە، بەڵکوو خۆشەویستیی گەل و خاک و نیشتمانە.» وتیشی: «لە رۆژی خۆشەویستی و ڤالانتاین لانیکەم ئەوەمان پێ دەکرێت کە خۆشەویستی خۆمان بۆ برا پێشمەرگەکانمان دووپات بکەینەوە دەستی ماندوونەبوونیان بگوشین و سڵاوی پڕخۆشەویستییان بۆ بنێرین».

ستار چوچانی، پێشمەرگەو ئەفسەرێکی پلەبەرزەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی پێشمەرگە دژی تاریکی و لە پێناوی خۆشەویستیدا شەڕدەکەین. بەڵام لەوەتەی شەڕی داعش دەکەین، ئەم رۆژە جیهانییە لە کوردستان جێی گرنگیی تەواو نییە، چونکە هەزاران گەنجی کورد پێشمەرگەن و بەبێ گوێدانە هیچ قەیرانێك و سەختییەکانی ژیان، لە بەرەکانی جەنگدا بەرگری لە خاک و وڵات دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی خۆیەتی گرنگی بە خۆشەویستی و رۆژە جیهانییەکەشی بدرێت، ئێمە بەرگری لە ئاشتی و خۆشەویستی دەکەین و دژی تاریکی و رق و ستەمکاری و داگیرکاری و لە پێناوی پاراستنی وڵات شەڕدەکەین».

گوتیشی: «هەزاران کوڕ وکچی ئەم وڵاتە، لە پشتی سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە رۆژی ڤالانتاین لەیەکتر پیرۆز دەکەن و مانای تەواوی پێ دەدەن، بەبێ هەستکردن بە ترس ودڵەڕاوکێ لەو دوژمنەی کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لەلا نییە و خۆشەویستی لای ئەوتیرۆریستانە کوفری گەورەیە. بەڵام جێگەی خۆیەتی ئەمساڵ لە رۆژی جیهانیی خۆشەویستیدا هەموان ئەو رۆژە بە تەواوی مانا بەرجەستە بکەن و خۆشەویستیی خۆشیان بۆ پێشمەرگە دەربڕن.»

شێوە محەمەد تەمەنی ٢١ساڵە و لە کەرتی تایبەت کار دەکات، ئەو سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لە ڤالانتاین، یان رۆژی خۆشەویستیدا ئەویندارن و خۆشەویستان بە بەخشینی گوڵی سوور و سێوی مێخەک رێز و شیرینی ئەو یادە دەکەنەوە، بەگشتی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا رۆژێکی بۆ دابنێین، پێویستە هەموو رۆژێکمان خۆشەویستی تێدابێت بۆ ئەوەی مانایەکی جوانتر بە ژیان بدات. بەڵام ئێمە دەتوانین بێجگە لەو مانایەی کە پەیوەستە بە خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەر، هاوکات بیکەین بە دەرفەتێك بۆ خۆشەویستیی خاک و ئاڵای نەتەوەکەمان و بۆ خۆشویستنی پێشمەرگە و هەموو ئەو کەسانەی کە بەردەوام لە خەباتدان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان. ئێمە دەتوانین خۆشەویستیمان بکەین بە پشتگیریکردن لەو ئامانجەی کە پێشمەرگە خەباتی بۆ دەکات و گیانی لەسەر دادەنێت، بەتایبەتی لەم دۆخەکەدا کە سەرۆك بارزانی هەڵگری پەیامی سەربەخۆیی کوردستانە و دەیەوەی نەتەوەکەی لە ژێردەستی و زەلیلی رزگار بکات. هەروەها لەم رۆژەدا پێویستە بەڵێن تازە بکەینەوە بۆ خۆشەویستیمان بەرامبەر بە خاك و نیشتمان و شەهیدەکانمان. ئێمەی کورد دەبێ لە هەر یاد و بۆنەیەکدا خۆشەویستیمان بۆ پێشمەرگە و شەهیدان و خاکەکەمان دووبارە بکەینەوە. لە کۆتاییدا منیش وەك تاکێکی کورد بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو ئاشقانی کوردستان و جیهان دەکەم.»

رێزان حاجی رەشید فەرمانبەرە و ئەویش لە دەستپێکی قسەکانیدا داوا دەکات کە «لە بەرامبەر دڵسۆزی و فیداکاری برا پێشمەرگەکان با رۆژی خۆشەویستی بکەین بە رۆژی سۆز و وەفا بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و رۆحیان شەهیدانمان شاد بکەینەوە».

گوتیشی: «رێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناوماڵی کورد ئەنجامی دەدەن. زۆر پێویستە بۆ هەموو جیهان ئیسپاتی بکەین کە ئێمە خاوەن هەڵوێست و نیشتمان و خاك و پێشمەرگە و قوربانین و هەموومان رۆژی خۆشەویستی دەکەین بە رۆژی وڵاتپارێزی و رۆژی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و پشتیوانی لە بریاری سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی ئێمەش بە دەوڵەتی خۆمان شاد ببینەوە.»

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەدەی سێیەمی زایینی ئیمپراتۆری رۆمانی کلۆدیۆسی دووەم حوکمڕانی رۆمانییەکانی دەکردو بە هۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگەوە، ژنهێنانی لە سەربازەکانی قەدەخە کرد، بۆ ئەوەی بەشداری جەنگەکان بکەن و بە ژنهێنانەوە سەرگەرم نەبن، بەڵام ڤالانتاینی قەدیس کە رەبەن بوو، رووبەڕووی بریارەکەی ئیمپراتۆر بووەوە و بەنهێنی گرێبەستی ژنهێنانی بۆ سەربازەکان ئەنجامدەدا، پاش ئەوەی ئیمپراتۆر بەوەی زانی، بریاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند و لە رۆژی(١٤/٢/٢٧٠)ی زایینی لەسێدارە درا. دواتر پاپا رۆژی کوژرانی (ڤالانتاین)ی کە بانگەوازی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەکرد بە جەژنی خۆشەویستی لە قەڵەم دا.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**رێزگرتن لە پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بەرپەرچدانەوەی ئەو خراپەکارییانەیە کە لەم دواییەدا خەڵکانێکی گێرەشێوێن بە ئامانجی تێکدانی ناوماڵی کورد ئەنجامی دەدەن**

